Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2022-2023
Vol. VIII, No. 2, Series 14

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۱
سال ۸، شماره ۲، پیاپی ۱۴

# هونەری هیبریدیزاسیۆن لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

یەدوڵڵا پەشابادی[1]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۲۸ اردیبهشت ۱۴۰۱؛ تاریخ پذیرش: ۰۹ بهمن ۱۴۰۱؛ صص. ۱۷۱-۱۸۱
DOI: https://doi.org/10.34785/J09.2022.011

## کورتە

بە پێی لێکۆڵینەوەی ئەدەبناسان و زمانناسان وشە لە درێژایی زەمەندا، بە هۆی ئەوەی کە لە سیستم و ڕەوتێکی دیاریکراوی زمانیدا بەکار دەڕوات، دوای ماوەیەک کارتێکەری و وزەی زمانی و واتایی نامێنێ و تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی دەبێتەوە. نووسەر و شاعیر بۆ ژیاندنەوەی وشە و بارگاوی‌کردنی دەست دەدەنە ئاڵوگۆڕکردن و گوێزانەوەی لە نێو بنەماڵەیەکی واتاییەوە بۆ نێو بنەماڵەیەکی تری واتایی. ئەم گوێزانەوەیە کارتێکەری و هێز و وزەیەکی نوێی پێ‌دەبەخشێ. ئەم ڕەوتە کە بە «هیبریدیزاسیۆن» ناسراوە، دیاردەیەکی بەرچاوی ئەدەبییە. لە ئەدەبی کوردیدا شێرکۆ بێکەس بە پانتاییەکی زۆرەوە ئەم هونەرەی بەکارگرتووە. ئەم وتارە بە شێوەی تەوسیفی-شیکارانە دەپەرژێتە سەر لێکدانەوەی لێکئاڵاوی لە شیعری شێرکۆدا. ئەم شاعیرە لە چەندین بەستێنی واتایی پەیوەندیدار بە مرۆڤ، پیشە و کاری مرۆڤ، ئایین، کەرەستە و پێداویستیی ژیان، سروشت، زمان و ئەدەب، مۆسیقا، بابەتی دەرهەست و بەرهەست و شوێن - کاتەوە، ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و زمانێکی بەهێز و پڕوزەی ئافراندۆتەوە. شاعیر لەم بوارەدا گرنگایەتییەکی زۆری بە مرۆڤ و هەرێمی شیعر و سروشت داوە و لە بەستێنی ئەم چەمکانەدا وێنای بەرزی خەیاڵیی وەکوو شوبهاندن و خواستنی نوێی ئافراندووە.

**وشەگەلی سەرەکی:** هیبریدیزاسیۆن؛ شیعری هاوچەرخی کوردی؛ شێرکۆ بێکەس؛ ناتەبایی واتایی؛ خواستن؛ پەیکەرەی هونەری.

## چکیده

بر پایهٔ پژوهش‌های ادب‌شناسان و زبان‌شناسان، واژه در طول زمان به سبب اینکه در ضمن یک سامانه و در یک فرایند معین زبانی به کار گرفته می‌شود، پس از مدتی محدود، تأثیرات و انرژی زبانی و معنایی خود را از دست می‌دهد و تا حدود بسیاری، از حیث اثرگذاری خنثی می‌شود. نویسنده و شاعر برای احیای واژه و ازنو پربارکردن آن، اقدام به تغییرات و جانشینی و هم‌نشینی‌هایی در آن از یک خانوادهٔ معنایی به یک خانوادهٔ معنایی دیگر می‌کنند. این جانشینی و هم‌نشینی انرژی و قوت زبانی نوی به آن می‌بخشد. این فرآیند که به «فاوآمیزی» نامبُردار است، پدیدهٔ ادبی چشم‌گیری است. در ادبیات کردی شیرکو بیکس به وسعت بسیاری این فن را به خدمت گرفته است. این پژوهش به شیوهٔ توصیفی-تحلیلی به تحلیل فاوآمیزی در شعر شیرکو می‌پردازد. این شاعر در چندین بستر معنایی مرتبط با انسان، شغل و عملکردهای انسان، دین، ابزار و لوازم زندگی، طبیعت، زبان و ادبیات، موسیقی، موضوع‌های انتزاعی و حسی و زمان-مکان این هنر را به کار برده است و زبانی توانمند و پربار بازآفرینی کرده است. شاعر در این روند اهمیت خاصّی به انسان و حوزهٔ شعر و نیز طبیعت داده و در رهگذر این مفاهیم صور خیالی ارجمندی همچون تشبیه و استعاره‌های نوینی برساخته است.

**واژگان کلیدی:** فاوآمیزی؛ شعر معاصر کردی؛ شیرکو بیکس؛ ناسازگاری معنایی؛ استعاره؛ هنرسازه.

## ۱- پێشەکی

بەوەیدا کە وشە لە درێژایی زەمەندا لەگەڵ بنەماڵەی هاوساز و هاونشینی خۆیدا بەکار دەڕوا، دەردەکەوێ کە دوای ماوەیەک ئەو تازەیی و کارتێکەرییەی نامێنێ و لە باری تێگەیاندن و کاریگەری‌دانانەوە سارد و سانا دەبێتەوە. هەندێ وشە هێندە لەگەڵ یەکدیدا بەکار هێنراون، هێزی واتاخوڵقێنییان دابەزیوە بۆ نزمترین ئاستی خۆی و ئاسایی بوونەتەوە. «هیبریدیزاسیۆن» بە تێکدانی ئەو هارمۆنی و هاونشینییە لە ڕێی نیشاندنی وشەی سەربە بنەماڵەیەکی واتایی، لە تەنیشت وشەی سەربە بنەماڵەیەکی تری واتاییەوە، گیانێکی تر دەکاتە بەر ئەو وشەیە و وەکوو ئەوە وایە بۆ جارێکی تر سەرلەنوێ دەیخوڵقێنێتەوە کە ئەم جارە کارتێکەری و هێز و گوڕێکی زێدەتری دەبێت. بەم شێوەیە واتاکەی زەقدەبێتەوە و ڕاشکاوانە سەرنجڕاکێش دەبێت و ئاسۆی نوێ لە هەمبەر خوێنەر و بیسەردا بەدی‌دەهێنێت.

[1]. مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی و ئەندامی توێژینگەی کوردستان‌ناسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران. y.pashabadi@uok.ac.ir

### ١-١- شرۆڤەی بابەت

ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی لێکئالاوی و چۆنێتی و ئاست و پۆلبەندییەکانی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین سەرەتا بابەت و مژاری لێکۆڵینەوەکە ڕوون بکەینەوە و یاسا و ڕێسا و چوارچێوەکەی بخەینە بەر باس؛ ئینجا شێوە و پانتایی و دەور و ئاسۆکانی ئەم هونەرە واتاخوڵقێنە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا لێکبدەینەوە؛ بۆ ئەوەی کە بزانین شاعیر بۆ زەقکردنەوەی مەبەست و واتا چ ڕێچار و هونەرگەلێکی بەکارهێناوە. بێگومان هەندێ لەو ڕێچار و هونەرانە بۆیان هەیە ڕچەی شاعیران و هونەرمەندانی پێشتر بووبێتن و هەندێکی زۆریشیان داهێنانی خودی شاعیر بوون. شێرکۆ بێکەس بە بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ئەم هونەرە باوشکێنە، زمانی شیعرەکانی خۆی لە پێوەری زمانی خودکار (بڕوانە: صفوی، ١٣٩٠: ٣٨/٢) دەرپەڕاندووە و وزە و هێزێکی واتایی ئەوتۆی پێبەخشیوە.

### ١-٢- ڕێباز و ئامانجی لێکۆڵینەوە و بنەمای تیۆریک

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی تەوسیفی - شیکارانە بە ئامانجی لێکدانەوە و شیکردنەوە و ناساندنی هونەری «هیبریدیزاسیۆن» لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا هاتۆتە نووسین. ئامانجی ئەوەیە کە لەسەر بنەمای پۆلبەندیی زانستی و چۆنێتیی دەورگێڕانی هونەری دژئامێزییەوە گۆشەیەکی تر لە چالاکی و بزاڤی شاعیر ڕوون بکاتەوە و ڕادەی داهێنەری و خوڵقێنەریی ئەم شاعیرە بناسێنێت. ئەم هونەرە سەرەتا لە نێو تیۆرییە ئەدەبییەکانی فۆرماڵیستەکانی ڕووسدا ئاوڕی لێدراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەوان بوون کە بە دەربڕین و ڕاگەیاندنی «هونەر واتە نائاشنا نواندنی شتانی ئاشنا» (شفیعی‌کدکنی، ١٣٩٤: ٣٠٨) و تێکدانی ڕیزی چەقبەستووی زمانی ڕۆژ یا زمانی ئاسایی (تودوروف، ١٣٩٢: ٤٣-٤٨) ڕوانگە و تێگەی خوێنەر و ڕەخنەگریان گۆڕی. لە ڕێی گۆڕانکاری و داهێنانگەلێکەوە کە دواتر هاتە ئاراوە، ئەزموون و دۆزینەوەی زمانی لە ئاستێکی بەرین و پڕبەرهەم لە بواری شیعردا پەرەی سەند. بەپێی ئەم تیۆرییە بۆ دیتن و تێگەیشتن لە شتێک دەبێ شێوەی بەیانکردن و ئامرازی دەربڕینی ئەو تێگەیە بگۆڕدرێ (پێشوو: ٨٧). لێرە نەک هەر زمانی ڕۆژ، بەڵکوو زمانی ئەدەبیش تێکدەچێ و ڕیزێکی نوێ بە خۆیەوە دەبینێت. لە پەنجەرەی دژئامێزییەوە تۆڕێک یا تۆڕگەلێکی نوێ لە زمان و گوتندا سەر هەڵدەدات؛ چونکە وشە ئاساییەکان بە جێگۆڕکێ‌کردنیان و نیشتنیان لە کەنار وشەگەلی ترەوە کە پێشتر نامۆ بوون بە یەکتر، باری واتایی نوێ وەردەگرن و دەبنە هۆی بەدی‌هاتنی زمانێکی نوێی شاعیرانە. ئەو زمانەی لەم ڕەوتانەیەدا دەخوڵقێت، لە باو لادەدات و دەکشێتە دەرەوەی زمانی ڕۆژانە و ئاساییەوە.

### ١-٣- پێشینەی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بابەتی ئەم وتارە لە ڕوانگەی ترەوە و لە ڕەهەند و گۆشەنیگاکانی ترەوە تا ڕادەیەک ئەنجام دراوە. سەبارەت بە خودی دژئامێزی دەتوانین ئاماژە بکەین بە لێکدانەوەی شەفیعیی‌کەدکەنی لە کتێبی با چراغ و آینەدا (١٣٩٤) کە تەوەری باسەکەی وروووژاندووە و ئاماژەی بە ئاسایی‌بوونەوە و لە کارتێکەری‌کەوتنی وشە لە درێژایی دەوراندا بە بۆنەی هاونشینیی لەگەڵ بنەماڵەیەکی واتاییدا، کردووە. هەروەها وتارێکی فارسی بە ناوی «واکاوی هنرسازة فاوامیزی در اشعار احمد شاملو و آدونیس» (١٤٠٠) نووسراوە کە بەتایبەت لە پێشەکی و بابەتە سەرەتاییەکانیدا وەکوو پێشینەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دێتە ئەژمار. نووسەران لەو وتارەدا هەوڵیان داوە ئەم هونەرە لە شیعری شاملوو، شاعیری فارس و ئادۆنیس، شاعیری عەرەبدا شیبکەنەوە و بەو ئاکامە گەیشتوون کە شاعیرانی بەرباس لە ڕێی هونەری دژئامێزییەوە توانیویانە شوبهاندن و خواستنی بەهێزتر و نوێتر بهێننە ئاراوە و هەروەها پیشانیان داوە کە لە شیعری ئەم دوو شاعیرەدا زۆرتر لایەنێکی ڕەگەزەکانی ئەم هونەرە لە سروشت وەرگیراوە. ڕەشاد ئەلعەراقی (٢٠١٧) لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی «Hybrid/Hybridization From Postcolonial & Islamic Perspectives» ڕەگ و پێناسە و واتای ئەم هونەرەی لێکداوەتەوە و قامکی بۆ ژیانی زیندەوەرناسای وشە ڕاکێشاوە و دەوری ئەم هونەرەی لە چەند ڕۆمانێکی عەرەبیدا خستۆتە ڕوو. هەژار فەقێ سلێمان (٢٠٢٢) لە نامەی دوکتۆراکەیدا لە ژێر ناونیشانی هێماگەری لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا پەنجەی بۆ هەندێ هونەری ئستاتیکیی شیعری شێرکۆ ڕاکێشاوە (٢٠٢٢: ٥٤) و ڕەهەندی هێماییی گیاندار و بێگیان و شوێن و کاتی شرۆڤە کردووە (پێشوو: ١٩٦-٢٠٦). لە ئەدەبی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لە سەر ئەم بابەتەمان نەدیتەوە کە هەر ئەمە خۆی بوو بە هۆکارێکی تر بۆ زێدەتر هاندانی نووسەر بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## ۲- بابەتی سەرەکی

کاتێ وشە لە فۆرم و تاقمێکی بنەماڵەیی لە درێژایی زەمەندا ڕادێ و هێندە بەکار دەبرێت تا بە تەواوەتی ئاشنای بەر چاو و گوێ دەبێتەوە، ئاستی کارتێکەری و دەلالەتخوڵقێنییەکەی دادەبەزێ و ئەو کاریگەرییەی پێشووی نامێنێ. لەو حاڵەدا گوێ عادەتی کردووە بە بیستنی ئەو چەشنە بەکارهێنانە و ڕاهاتووە پێی؛ هەر بۆیەشە کە سەرنجێک بەرەو خۆی ڕاناکێشێ (شفیعی‌کدکنی، ۱۳۹۱: ۹٤). هەندێ وشە هەن کە لە دۆخێکی ئاساییدا لە هەرێمی شیعر و ئەدەبیاتدا بەکار دەگیردرێن و تا ڕادەیەک بۆ خۆیان بارێکی ئەدەبییان هەیە (صفوی، ۱۳۹۸: ۲۲) و دەرکەوتنیان لە دەقێکدا بەرجەستەیی و زەقیی پێدەبەخشن. بە شێوەی ئاسایی زۆرێک لە وشەکانی نێو زمان سەربە بوار و بەستێنێکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئایینی یا بوارەکانی ترن و وێڕای وشە و کۆوشە و ئامرازی زمانیی ئەو بەستێنانە بەکار دەڕۆن. بە چەشنێ کە بە بیستنیان نەویستانە ئەو بوار و بەستێنانە وە بیر دێنەوە. لەم حاڵەدا شاعیری پڕبەهرە و هونەرمەندی ڕاستەقینە بە هونەری هاونشینی و جێنشینی و گۆڕینی جێگەی وشە و بردنی بۆ ناو پۆلێکی تر لە بنەماڵەیەکی تری واتایی، زەقی و بەرچاوییەکی ئەوتۆی پێدەبەخشێت (صفوی، ۱۳۹۰: ۵۱/۱). ئەم ڕەوتە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا بە «هیبریدیزاسیۆن» ناسراوە و نیشانەی توانستی داهێنەریی نووسەر و شاعیرە. «داهێنەرێتیی تاکەکەسی بریتییە لە کۆمەڵێکی چڕوپڕی شوبهاندن و خواستن و هونەر کە لە ژیانی سروشتی بێبەشە، کەچی کاتێ هاوڕێ دەبێ لەگەڵ پێویستێتیی باری کۆمەڵایەتیدا، دەبێتەوە بە واتەیەکی زیندوو و گیانی تێدەکەوێتەوە» (شفیعی‌کدکنی، ۱۳۹٤: ٦۱۸). درێژیی مێژووی هاونشینیی وشە لەگەڵ بنەماڵەیەکی واتایی دیاریکراودا، وزەی زمانی لەو وشە دەستێنێ و چیدیکە بەردەنگ و بیسەر و خوێنەر بە بیستنی ڕاناچڵەکن و شتێکی تایبەت و ئەوتۆی تێدا نامێنێ کە سەرنجیان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت. بە گوتەی هەندێ لە توێژەران ئەم کردەوە هونەرییە بە گوێزانەوەی وشەیەک لە بنەماڵەیەکەوە بۆ بنەماڵەیەکی نوێتر، زمانێکی نوێتری شیعری پێکدەهێنێت (قاسمی‌فرد و زارع، ۱٤۰۰: ۱۷۸). شێواندنی ئەم ڕەوتە و ئەو هاونشینییە دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشی و زەقی لە دەلالەتیدا. واتە شاعیر بە دەرپەڕاندنی یەکەیەکی زمانی لە بنەماڵەیەکی دیاریکراوەوە بۆ بنەماڵەیەکی تر، لە ئاستی زمانی شیعریدا دەستی داوەتە ئافراندن و واتاخوڵقێنی. بە وتەی هەندێ لە توێژەران، سەرلەنوێ چالاککردنەوە ی ئەم هونەرانە دەبێتە هۆی گەشە و وەخۆگرتنی پێکهاتەی تەواو لە بەرهەمی ئەدەبیدا (شفیعی‌کدکنی، ۱۳۹۱: ٦۰). لەم بوارەشدا مێژووی ئەدەبی گەلانی جۆربەجۆر هاوقۆڵ و هاویارن.

### ۲-۱- هیبریدیزاسیۆن

شەفیعیی‌کەدکەنی (۱۳۹٤) پەیوەندیی نێوان وشەکان بە «ئزدواج» یا ژیانی بنەماڵەیی نێوزەد دەکات و پێیوایە بە ڕابردنی زەمەن و کۆنبوونی هاونشینیی وشە هاوبنەماڵەکان ئاستی کاریگەرییان دێتەخوارەوە و چیدی زمانی شیعری ناخوڵقێنن (پێشوو: ۳۰۸-۳۱۰). شاعیری خاوەن زەوق و لێهاتوو دەتوانێ بە جێگۆڕکێ و گواستنەوەی ئەو وشانە و دەرپەڕاندنیان بۆ بەستێنێکی جیاواز و بۆ ناو بنەماڵەیەکی تری واتایی، هێز و گوڕێکی نوێیان پێ ببەخشێ و بە یارمەتیی ئەم ئاڵوگۆڕە لە ئافراندنی زمانی شیعریدا کەڵکیان لێوەربگرێ. ئەم ڕەوتە و ئەم شێوە زەقکردنەوە و بەرجەستەسازییە بە «لێکئالاوی» دەناسرێ کە هونەرێکی واتاسازانەیە و شاعیر بەپێی توانستی زمانی و هونەریی خۆی بەکاری دەهێنێ و داهێنانی تێدا دەکات. ئەم شێوە ژیانبەخشییە بە وشەی لەکارکەوتوو، بە قەوڵی هەندێ لە توێژەران دەکرێ بە تۆزێ پاشوپێشخستن دەستەبەر ببێت (شفیعی‌کدکنی، ۱۳۸٦: ۵). پریشکی داهێنانی بنەماکانی ئەم دەربڕینە هونەری و شیعرییە کە لە هەرێمی شیعردا زۆرتر سان ژوون پرێس شاعیری ناوداری فەرانسەوی (۱۸۸۷-۱۹۷۵) پەرەی پێدا و لە شیعرەکانیدا بە ڕێژەیەکی بەرین ئاوڕیلێدایەوە (هەر ئەو، ۱۳۹٤: ۳۰۸)، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ میخائیل باختین (۱۹۸۷). باختین (۱۸۹۵-۱۹۷۵) وەک توێژەرێکی بواری ئەدەبناسی، بنەماکانی ئەم هونەرەی دارشت و قامکی بۆ تێکەڵاوێتیی دوو زمانی جیاواز لە ئاقاری وشەیەکی دیاریکراودا، ڕاکێشا (باختین، ۱۹۸۷: ۱۲۰). ئەم تیۆریدانەرە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە «شاعیر وشەکانی خۆی لە یەک کەلتوور هەڵنابژێرێ» (سەجادی، ۲۰۰۸: ۱۳٤)، بەڵکوو دەست بۆ چەندین بەستێنی جیاجیا ڕادەکێشێ؛ ئەو بەستێنانەی کە لێوڕێژن لە مانای شاراوە لە دووتوێی چەشنە زمانی و ئەدەبییەکاندا و هەڵیاندەهێنجێ (پێشوو: ۱۷۹). باختین گەرچی

زۆرتر پەرژاوەتە سەر ڕۆمان و فرەدەنگی و کاردانەوەکانی لە زمانی پەخشاندا (کلیگز، ١٣٩٤: ١٨٥-١٩٥)، کەچی هەر خۆی لە ڕاستیدا پێشەنگی لێکۆڵینەوە لە دژئامێزی (Grishakova, 2013: 2) دێتەئەژمار. «دژئامێزی لە ڕاستیدا توخمێکی پڕخاسیەتە کە بێ‌گومان ئافراندنی نوێ و داهێنانی ناوازەی لێ دەبێتەوە و لە لایەکی دیکەوە وەکوو ڕەمزێکی نوێخوازی و جیاوازی و داهێنان دێتە ئەژمار» (حمداوی، ٢٠٢٠: ٧٨). ئەم هونەرە زمانییە ئەمڕۆ بە ئەدەبیات سنووردار نەبۆتەوە و بەستێنەکانی تری وەکوو میدیا و ماڵپەڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی گرتۆتەوە (Mourao, 2006: 315).

ئەم پەیکەرە هونەرییە کە لە فارسیدا بە «فاوامیزی» (شفیعی‌کدکنی، ١٣٩٤: ٣١٠) و لە عەرەبیدا بە «التهجین» (حمداوی، ٢٠٢٠: ٤٧) ناسراوە، لە ئینگلیسیدا «Hybridization»ی پێدەڵێن (بۆ وێنە بڕوانە: Tindol, 2016)کە لە بنەڕەتدا لە زانستی زیندەوەرناسیدا دەلالەت دەکاتە سەر کۆبوونەوە و تێکەڵبوونی شتانی جیاواز و ناکۆک و دژیەک ( Al Araqi, 2017: 53). فۆرمالیستەکان وەک بنیاتنەری سەرەتایی ئەم زاراوەیە، بۆ چەمکی لێکدرانی دوو ژێنی جیاواز بەکاریان هێنا (طاهری و طهماسبی، ١٣٩٦: ٩٩). پاشان لە ئەدەبدا بەکارهێنراوە بۆ ئەو تاقمە وشانە کە بەستێن و دەڤەری بەکارڕۆیشتنیان جیاوازە. وەک ئەوەی دەبێژن «لەنگەری قسە»، کە وشەی «لەنگەر» لە بنەماڵەیەکی واتاییە و «قسە» لە بنەماڵەیەکی ترە و هاوخوێنی و ساچانێکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە. بێ‌گومان لە ڕەوانبێژیی کلاسیکدا لایەنگەلێک لەم هونەرە لە ژێر چەمکی جۆربەجۆری ڕوونبێژی و جوانکاری، وەکوو لێکچواندنی ئاوەژوو، خواستنی لێکچوو و دژیەک و هەندێکی تردا ئاماژەی پێ‌کراوە (بڕوانە: عەبدوڵلا، ٢٠١١: ١٣٩ ، ١٨٦، ٢٩٣). هەندێ جار ڕەچەڵەکی دژیەک دەگەڕێتەوە بۆ وشەگەلێک کە لە بەستێنێکی جوانکارانەدا بەکارگیراون (پرین، ١٣٩٣: ١٥٤/٢). لە ئاقاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییدا، دەبێ ئەوەشمان لە پێش چاو بێ کە دال ەکان کاتێ واتای شیاوی خۆیان دەنوێنن کە لە ڕیزی زنجیرەیەکی وشەییدا ڕێک‌هاتبێتن و گونجابێتن (فینک، ١٣٩٩: ١٥٤). ئەم هونەرە کە لە لایەکیشەوە هۆکارێکە بۆ باوشکێنی ی واتایی، واتە دەربازبوون لەو تایبەتمەندییە واتاییەی کە وشە لە زمانی پێوەردا هەیەتی (سجودی، ١٣٧٨: ١٣٦)، دەتوانێ ببێتە کەرەستەیەکی بەهێز بۆ ئافراندنی وێنەی خەیاڵی لە شیعردا کە بە کۆکردنەوەی هەندێ وشەی ناتەبا و دژیەک لە باری بەستێنی واتاییەوە، بزوێنەرێکی سۆزدارانە پێک‌دەهێنێ و پێناسە باوەکان تێک‌دەشکێنێ و بەم شێوەیە هەستونەست و سۆزی بەردەنگ دەورووژێنێت.

### ٢-٢- هیبریدیزاسیۆن لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

شێرکۆ بێکەس بە ئەوپەڕی لێهاتوویی و دەسەڵاتی زمانییەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەکرێ بە شاسواری ئەم مەیدانە بێتەئەژمار کە ئەسپی خەیاڵی تێدا تاو داوە و لە تێک‌ئالآندن و پەیوەندانی وشەی سەربە بنەماڵەی جۆربەجۆردا هەموو سنوورێکی بەزاندووە و «بە شکاندنی دابونەریتی پەیوەندیی هاوبنەماڵەیی و پێک‌هێنانی تۆڕێکی هاونشینیی نوێ» (شفیعی‌کدکنی، ١٣٩٤: ٣٠٩)، کەرەستەیەکی تازەی زمانیی ئافراندووە. لەم تۆڕە نوێیەدا کە شاعیر دایهێناوە، پۆلێک وشەی سەربە بنەماڵەیەکی تایبەتی واتایی، لەگەڵ تاقمێکی تردا دەستەملانن کە بە ڕواڵەت هیچ تەباییەکیان پێکەوە نییە. هونەری شاعیر لە پێک‌گەیاندنی ئەم دوو بنەماڵەیەدا دەردەکەوێ کە بۆتە هۆی زەقبوونەوەی شیعرەکانی.

پێشەنگێتیی سان ژوون پرێس لەم بوارەدا و ئاگادارییی شاعیرانی هاوچەرخی کورد لە شیعری جیهانی، ئەگەری کاریگەری‌وەرگرتنیان لەم بەستێنەدا دەستەبەر دەکات. چونکە شێرکۆ بێکەس خۆی بە ڕاشکاوی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بەم شاعیرە فەرانسەوییە کردووە و تەنانەت نیوەدێڕێکیشی تێهەڵکێشی شیعری خۆی کردووە (بڕوانە: بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٣٨/١). هەر بەو چەشنە کاریگەریی لە تی.ئس. ئیلیۆت یش وەرگرتووە (بڕوانە: پێشوو: ٢٤٣/١). نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە شێرکۆ خۆی ئاماژەی بەوە داوە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگەدا، هەستیان بە زەروورەتی چەشنێ یاخی‌بوون لە ئەدەبدا و بەتایبەتی لە داڕشتنەوەی مانا و زماندا کردبوو (حوسێن، ٢٠١١: ١٧). بەم پێیە دەتوانین سەرهەڵدان و بەربڵاویی ئەم هونەرە شیعرییە لە ئەدەبی کوردیدا و بەتایبەت لە شیعری شێرکۆدا جگە لە توانستی زمانی و دەسەڵاتی داهێنەرێتیی خۆی، بۆ پەیوەندی و کارتێکەریی ئەدەبی ڕۆژئاوا بگەڕێنینەوە.

### ٢-٣- پۆلێنبەندیی لێکئالاَّوی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

لەم بەشەدا دەپەرژینە سەر پۆلبەندی و دەستەبەندیی چەشنەکانی هونەری لێکئالاَّوی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. بۆ ئەم مەبەستە بە وەرگرتنی نموونەکان و بەدەستهێنانی هەژمارێک، دوای لێکدانەوەی بابەت و لایەنەکانی، بواری تایبەت بەو بابەتەمان دیاری کردووە و شرۆڤەیەکی پێویست و ڕوونکەرەوەمان لەسەری داناوە. دەتوانین دژئامێزی لە شیعری شێرکۆدا لەم بەستێنانەی ژێرەوە پۆلبەندی بکەین:

### ٢-٣-١- بەستێنی پەیوەندیدار بە مرۆڤەوە

لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا بە ڕێژەیەکی زۆر کردار و حاڵەت و تایبەتمەندیی مرۆڤ وەپاڵ گیاندار و بێ‌گیانی تر دراوە و شاعیر بە ئافراندنی بەستێنێکی واتایی، گیانێکی دووبارەی وەبەر وشەکان کردووە. شیاوی ئاماژەیە هەندێ جار ئەم بابەتە لە قاڵبی کردار، تایبەتمەندی یا حاڵەتێکدا خۆی نواندووە. وەکوو ئەوەی کە ئەڵێ: «ماچێ... لەو فرمێسکەی پێئەکەنێ... ماچێ!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٣٨٨/١) کە لەم دێڕە شیعرەدا «پێکەنین» کە ڕەفتار و تایبەتمەندیی مرۆڤە، خراوەتە پاڵ «فرمێسک»ەوە کە لە لایەکەوە توانستی پێکەنینی نییە و لە لایەکی تریشەوە دژی چەمکی پێکەنینە. چونکە فرمێسک نیشانەی گریانە و گریان و پێکەنینیش دوو کردار و حاڵەتی دژیەکی مرۆڤن.

لەو کردارانەی کە نوێنەری هەستونەست و تا ڕادەیەک دیوی ناوەوەی مرۆڤن «تەوقەکردن»ە کە شاعیر لە دێڕە شیعری «...برووسکە تەوقە لەگەڵ/ هەورا ئەکا/ کێڵگەکان هەڵئەسنە سەر پێ» (پێشوو: ٤٤٦/١) بەکاری هێناوە و وەپاڵ «برووسکە» و «هەور»ی داوە کە هیچیان چاوەڕوانیی ئەو کارەیان لێ ناکرێ. بەڵام شاعیر بە تێکدانی هارمۆنی و ژیاندنەوەی وشە ئاستی شیعرەکەی بەرزکردۆتەوە و زەقی و بەرجەستەییەکی ئەوتۆی پێ‌بەخشیوە. هەندێ جار وشەیەکی لە ئەندامەکانی خانوو و شوێنی ژیان وەرگرتووە و گواستوویەتیەوە بۆ پاڵ تایبەتمەندی و دیاردەیەکی مرۆڤ؛ وەک شیعری: «لە چاوی کلاَّوڕۆژنەی برینەکانی خۆیەوە/ ئەڕوانێتە خاکی شەهید» (پێشوو: ٢٩٦/١) کە «برین»ی خستۆتە دوای «کلاَّوڕۆژنە» و ژیانەوە و دەلالەتێکی بەهێزی بەخشیوەتە دەقەکەی.

هەندێ جاریش حاڵەت و تایبەتمەندیی مرۆڤ لەم بەستێنەدا دەبینین کە بۆتە هۆی تەقینەوەی هێز و وزەی زمان: «قەڵەمەکە هەستایە پیان/ هەڵبەستێکی دایە پڕمە و قوڵپی گریان» (پێشوو: ٥٠٧/١). حاڵەتی «دانە پڕمە و قوڵپی گریان» بێ‌گومان لە بنەماڵەی ڕەفتار و تایبەتمەندی و حاڵەتی مرۆڤە و گوێزراونەوە و نیشتنە پاڵ «قەڵەم» و بەدنیاهاتنی «هەڵبەست» وەکوو ئەنجامی ئەو «قوڵپی گریان»ە لە بنەماڵەی شیعر و ئەدەبیات، گەشە و نەشەیەکی زمانی و شیعرخوڵقێنییان پێک‌هێناوە کە دەبێتە مایەی سەرسوڕهێنەری و سەرنجڕاکێشیی بەردەنگ و خوێنەر و بیسەر.

### ٢-٣-٢- بەستێنی پەیوەندیدار بە پیشە و کاری مرۆڤەوە

شێرکۆ بێکەس لە درێژایی چالاکیی هونەری و شیعریی خۆیدا، هەوڵی داوە خۆی لە بەندی تێگە و باباتەکانی شیعری کۆن و کلێشەیی دوور بخاتەوە (دلایی میلان و سلیمان، ١٣٩٧: ٢٤٩). شاعیر بە زیندووکردنەوەی چەمکی پەیوەندیدار بە هەندێ کار و پیشەی تایبەت بە مرۆڤەوە لە ڕێی هونەری دژئامێزییەوە، هەم لایەنی ئاشنایەتی‌سڕیی لە دەقەکەیدا ڕەچاو کردووە و هەم دەلالەتێکی نوێی بەخشیوە بە وشەکان. بۆ وێنە لە دێڕی «هەور تەتەرێکە خێرا و مژدەی سەوزی/ ئەم بارانە ئەدا بە تۆ» (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٥٣/٢)دا، کاری «تەتەربوون» و «مژدەدان» کە زۆرتر کاری مرۆڤن و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی دێنێتەوە یاد، دراوەتە پاڵ «هەور» و زمانی دەقەکە شیعرییەتی پەیدا کردووە. هەندێ جار شاعیر بە پێکەوەبەستنەوەی ئاسمان و زەوی و تێکدانی هاونشینی و هارمۆنیی وشەکان سەرنجی بەردەنگ ڕادەکێشێ. وەک ئەوەی منداڵێک لە دەوری گێڕەرەوەی شیعرێکیدا خۆی دەکاتە شوان، بەڵام نە شوانێکی ئاسایی کە ئاگاداری وڵسات و ئاژەڵان دەبێ، بەڵکوو شوان لە زەوی و، ئەوی دەبێ ئاگاداری بێ لە ئاسمان؛ شوانی ئەستێران: «دەرەنگان خۆم ئەکەم بە شوانی ئەستێرە» (پێشوو: ٥٣٧/٣). هەر وەک لە شوێنێکی تریشدا ئەم پیشەیەی بەکارهێناوە بەڵام ئەم جارە بۆ دیاردە و چەمکێکی دەرهەست کە هەر ئەم تایبەتمەندییە بۆتە هۆی ئەوەی ڕادەی کارتێکەری و سەرنجڕاکێشیی دەقەکە زێدەتر ببێتەوە: «بتنێم بە لالێوی کام شوانی حەسرەت و گوناهەمەوە؟» (پێشوو: ٥٥/٤). لێرە شوان، شوانی حەسرەت و گوناهە کە لە دوو بەستێنی جیاوازی واتایین و لە ڕەوتانەوەی دژئامێزیدا یەکیان گرتۆتەوە.

**٢-٣-٣- بەستێنی پەیوەندیدار بە ئایینەوە**

چەمکی ئایین - گەرچی دەکرێ بڵێین بە ڕادەیەکی کەمتر، بەڵام بە هەر حاڵ - لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ئامادەیی هەیە. شاعیر بە وەرگرتنی وشە و کۆوشە و تێگەی ئایینی پانتاییەکیشی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە کە دەکرێ لە ژێر ناوی بەستێنی ئایینیدا لێکی بدەینەوە. یەکێک لەوانە وشەی «نەوس»ە کە لە بواری ئایینیدا دەلالەت و کارکردی تایبەتی خۆی هەیە و لە قورئانیشدا زۆر بە گرنگی باسی کراوە. لە شیعری شێرکۆدا بە یارمەتیی هونەری هاونشینی، «ژوور»ی بۆ تەرخان کراوە: «لەشم خوانێکە لە ژووری نەوسەکانما ڕاخراوە» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٣٧/١)، کە هەرکام لە بەستێنێکی جیاوازی واتایین و خراونەتە کەنار یەکتر و ئەم دۆخە زەنگ و ئاوازەیەکی بەرزی بە دەقەکە بەخشیوە. یا کاتێ لە زاراوەی ئایینی «بانگ» کەڵکوەردەگرێ، پێی ناوەتە هەرێمی ئایینەوە: «ئێوارە.. دوای بانگی برینتان من ئەگەم.. ئێوارە» (پێشوو: ٤٨٨/٣). لێرەدا وشەی «بانگ» لە هەرێمی ئایینەوە گوازراوەتەوە بۆ هەرێمی جەستە بە نوێنەریی «برین» و وزە زمانییەکەی ئازاد کردووە. ئەم چەمکە لە دیمەنێکی تری شیعری شێرکۆدا لە دێڕی: «لە عەکاوە دار زەیتوونێ/ بانگی ئەدا» (پێشوو: ٤٨٨/١)، دەوری گێڕاوە. شیاوی سەرنجە کە لێرە بانگدەرەکە «دار زەیتوون»ە کە بۆ خۆی ژیاندنەوەیەکی تری زمانی شیعریی تێدایە. شاعیر لەم هونەرەدا لە زاراوەکانی بەهەشت و دۆزەخیش کەڵکیوەرگرتووە؛ وەکوو دەڵێ: «باڵەکانی من بە گڕی دۆزەخی لەشم ئەسووتێنن» (پێشوو: ١٣٥/٢)؛ هاونشینیی «دۆزەخ» لە کەنار «لەش»دا تاقیکردنەوەیەکی نوێیە و ئافراندنەوەیەکی تری وشە مردووەکانە.

**٢-٣-٤- بەستێنی پەیوەندیدار بە کەرەستە و پێداویستیی ژیانەوە**

لەم بەستێنەدا شاعیر پۆلێک لە کەرەستە و ئامراز و شتومەکی پێویستی ژیانی مرۆڤی کردۆتە سەرێکی تەوەری دیمەنە شیعرییەکەی و بە خولقاندنی گێژەنێکی زمانی، وشەکانی لە سڕوساردی و ئاساییبوون دەرکێشاوە و پۆشەنێکی واتایی نوێی لەبەرکردوون. وەک لەم دێڕە شیعرەدا ئەیبینین: «بوەستن! بە لانکەی مێژوویان مەسپێرن» (پێشوو: ٤٩٠/٣) کە «لانکە»ی هێناوە و بە نیشاندنی لە کەنار «مێژوو»دا هەردووکیانی بزوێنەر و پڕهەست و واتا کردووەتەوە. یا وەکوو لە دۆخێکی نێزیک بەمەدا دەڵێ: «من ئێستا پڕ بووم لە منداڵ/ ئەڵێی زەردەخەنەی بێشکەم» (پێشوو: ٢٢٧) کە لە ڕەوتێکی خوازراودا حاڵەت و تایبەتمەندیی زارۆکی لەگەڵ «بێشکە»دا کۆکردۆتەوە و بە لابردنی خودی کۆرپەکە دەلالەت و هێمای شیعرەکەی چەند بەرابەر کردۆتەوە. لە شیعرێکی تریدا «گالیسکە»ی بەستۆتە «شەوەزەنگ»ەوە کە لە دوو بنەماڵەی واتایی زۆر لێکدوورن: «گالیسکەی ئەم شەوەزەنگە سەرەولێژ/ ترسی کۆیلەم .. بە دوای خۆیدا ڕائەکێشێ» (پێشوو: ٢٤٠/١). چەمک و واتای «ترس» و «زوڵم» لەم دێڕە شیعرەدا بە هۆی جووتکرانی ئەو وشە لێکنامۆیانەوە زیاتر و چڕتر بۆتەوە.

«پەیژە» وەکوو کەرەسەی سەرکەوتن و بەرزبوونەوە لە شیعری شێرکۆدا بە هاتنی لەگەڵ «تەماشا»دا وێڕای سەرنجڕاکێشییەکی لەڕادەبەدەر، بەرینبوونی ڕوانگە و هزری شاعیر دەخاتە ڕوو کە وشەی سەر بە بنەماڵەی واتایی جیاواز و نەگونجاو بەیەکی، بە شێوەیەک لە کەنار یەکدا ڕیز کردووە لە خوێندنەوەیدا نەک هەر هەست بە ناتەبایی و نەگونجاوی ناکەین، بەڵکوو زمانێکی شیعریی پڕوردەکاریمان بەر چاو و گوێ دەکەوێ کە لە ڕێی هونەری دژئامێزییەوە، زیندوویێتی و بەهێزی و جموجووڵێکی واتایی تێکەوتووە: «لە دامێنا کاتێ ئەسپی مێژووم ڕاگرت/ بە سەر پەیژەی تەماشاما... دڵم سەرخست» (پێشوو: ٣٨٩/١). لێرە «پەیژە» و «تەماشا» لە دوو بنەماڵەی واتایی جیاوازن، بەڵام هونەری شاعیر لە ڕێکخستن و تەباکردنی ئەم وشانەدایە کە بە خوێندنەوەیان هەست بە هێزێکی زێدەتری زمانی دەکەین.

### ۲-۳-۵- بەستێنی پەیوەندیدار بە سروشتەوە

یەکێک لە بەستێنە زۆر بەرین و پڕکاریگەرییەکانی شیعری شێرکۆ بێکەس بێ‌گومان، سروشتە. سروشت ڕەنگدانەوە و کاردانەوە و حوزوورێکی یەکجار توندوتۆڵ و بەهێزی لە پانتایی شیعری شێرکۆدا هەیە (بڕوانە: پشابادی، ۱۳۹۵: ۸۴-۱۰۹ و هەروەها: پەشابادی، ۲۰۲۱: ۲۶۷-۲۸۷). سروشت کە زۆر جار بەشێکی یا ئەندامێکی لە شیعری شێرکۆدا دەوری گێڕاوە، بە هەڵکەوتنی لە کەنار وشەی سەربە بنەماڵەیەکی تری واتاییدا، زەقی و بەرجەستەییەکی بەهێزی داوە بە دەقەکە. بۆ وێنە لە دێڕە شیعری «...گومانم تەورداسێکە درەختی ساڵەکانم/ ئەکا بە چەند کەرتێکەوە» (بێکەس، ۲۰۰۶: ۲٤۱/۱)دا، درەخت خراوەتە پاڵ ساڵەوە و لە بەستێنێکی واتایی قووڵدا تەمەن و جەنگەڵ و بەسەرچوون و بڕانەوەی کات بەم هاونشینییە نوێیە پیشان دراوە. هەندێ جار بەشەکانی سروشت کاری مرۆڤانە دەکەن و هەڵس-وکەوتی مرۆڤانە دەنوێنن: «ئەی نابینی ڕووبارەکان هەڵساونەتە سەر پێ و بانگی/ بیابان ئەکەن کە لێیان بخۆنەوە؟» (پێشوو: ۲٤۱/۱). لەم دێڕەدا «هەڵسانەسەرپێ» و «بانگ‌کردن» و «خواردنەوە» دراوەتەپاڵ «ڕووبار» و «بیابان». بێ‌گومان هەر سێکی ئەم کارانە جگە لەوەی کاری مرۆڤن، لە بەستێنی زمانی خودکاردا زۆر ئاسایی و بێ-کارتێکەرین؛ کەچی شاعیر بە شێواندنی بەستێنە واتاییەکەیان و خوڵقاندنی هاونشینی و هارمۆنیایەکی نوێ و داهێنەرانە، ئاستی دەلالەتبەخشیی دەقەکەی بردۆتەسەرەوە.

### ۲-۳-٦- بەستێنی پەیوەندیدار بە زمان و ئەدەبەوە

بەستێنێکی تری داهێنەریتی لە شیعری شێرکۆدا بێ‌گومان زمان و شیعر و ئەدەب بە هەموو لقەکانیەوە. بەو شرۆڤەیەوە کە ئەندامەکانی ئەم بەستێنە بۆ خۆیان دەوری شیعرئافرێنی دەگێڕن و دەبنە ڕەگەزێکی بینای شیعر. شێرکۆ بێکەس لەم مەیدانەشدا لووتکەی هونەر و ئافراندنە. بەشەکانی ئاخاوتن و ئەندامەکانی نێو زمان و وشە و زاراوە و دەستەواژە و کەرەستەی نووسین و خوێندن لەم ڕەوتانەیەدا دەنگ‌وڕەنگیان دیارە. وەک دەڵێ: «بە شوێن پێی وشەدا ڕۆیشتم و/ گەیشتمە ترۆپکی سەر خەیاڵ» (بێکەس، ۲۰۰۶: ٥۳۱/٦) کە لەم وێنا خەیاڵییەدا لە ڕەوتانەیەکی دژئامێزانەدا «شوێن پێ»ی بۆ «وشە» خواستووە. «شوێن پێ»ی لە بنەماڵەی ئەو شتانەی دیاردەیەکی ماکین و شوێنەواریان لە ڕێگەدا دەمێنێتەوە، هێناوە و لە تەنیشت «وشە»دا ڕۆیناوە کە لە هەرێمێکی دەرهەست و سەر بە بنەماڵەی زمانە. بەڵام بەستێنێکی بۆ ئافراندووە لە ئەوپەڕی واتاداری و وردەکاریدا.

لە شیعرێکی تریدا «وشە»ی تووشی «سووتمان» کردووە و «سووتوو»ەکەی هێناوەتە نێو شیعرەکەیەوە و بەم شێوەیە هێز و واتایەکی زەقتری پێ‌بەخشیوە: «بە سووتووی وشەی شیعرێکی/ سووتێنراوم/ برینی سەر سنگ و مەمکی/ مانگێکم ئەبرژاندەوە/ کە مانگ زەردەخەنە گرتی/ سووتووی شیعرە سووتاوەکەم/ بوو بە گوڵە لاولاوێک» (پێشوو: ٥۱۳/۱). خودی «شیعر» لەم بەستێنەدا بە دەرکەوتن لە ڕیزی بنەماڵەی واتایی و بەستێنی هێماییندا ئاقارێکی زۆری داگیرکردووە. وەک ئەوەی کە «شیعر» نیشتۆتە جێی «باران»، و «ڕێژنە»ی هەیە و دەبارێ: «ئەمشەو شیعر/ لەوە ناچێ خۆش‌کاتەوە/ ئەی ڕێژنەی شیعری بەتاو!/ داکە و داکە...!» (پێشوو: ۲۰۹/۲). لە دیمەنێکی تردا «بنمیچ» لە بنەماڵەی خانوو لەگەڵ وشەی «شیعر» لە بنەماڵەی ئەدەبدا لە ڕێی پەیوەندیی دژئامێزییەوە بوونەتە هاونشینی یەکتر. دەڵێ: «پەڕەسێلکە هاتە پێشێ و لە ژێر بنمیچی شیعرێکما/ کزکز هەڵنیشت» (پێشوو: ۳۷/٥). ئەم ڕەوتە لە ڕێی شوبهاندنی شیعر بە ماڵ و هێنانی ئەندامێکی ئەو ماڵە بە نوێنەری، پێک‌هاتووە. ئەم هاونشینییە دژئامێزییە ڕادەی کارتێکەریی و زیندوویی زمانی شیعرەکەی بەرزتر کردۆتەوە.

### ۲-۳-۷- بەستێنی پەیوەندیدار بە مۆسیقاوە

مۆسیقا لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا تا ڕادەیەکی دیار دەور و ئامادەیی هەیە. بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆسیقا و دەستەواژە و ڕەگەزی پەیوەندیدار بەم هونەرەوە دەچێتە نێو خانەی ئەم ئامادەییەوە و لە پەیوەندییەکی دژئامێزییدا دەرکەوتووە. شاعیر جارێک بە هەڵبژاردنی وشەیەک لە بنەماڵەی مۆسیقا و خستنەپاڵی وشەیەک لە بنەماڵەی سروشت، ئەم پەیوەندییەی پێک‌هێناوە: «بە ژێی ئاو کەناری تەنیاییم وەکوو تار لێئەدەم» (بێکەس، ۲۰۰۶: ٥۸۹/۳). لەم دێڕەدا «ژێ»ی بۆ «ئاو» داناوە و گوێ و سەرنجی خوێنەری بەم شێوە باوشکێنییە ڕاکێشاوە. هەروەها لە درێژەدا بە دانانی «کەنار» بۆ «تەنیایی» کە چەمکێکی دەرهەستە، ئاستی زەقێتی و کارتێکەریی زمانە شیعرییەکەی بردۆتە سەرێ.

شێرکۆ وەک ئەدگارێکی هونەری شیعری، هەر دەم بازی شیعری لە ئاقارێکەوە بۆ ئاقارێکی تر هەڵدەفڕێ و وشەیەک لە هەرێمێکی واتاییەوە هەڵدەبەزێنێ و دەیگوێزێتەوە بۆ هەرێمی تری واتایی. بەم جێگۆڕکێ و هاونشینکردن و تێکدانی هارمۆنیایە بەرجەستەیی دەبەخشێتە دەقەکەی. جارێک «نۆتە»ی مۆسیقا دەپێوێ و دەڵێ: «ماڵێک/ مۆسیقارێک/ بوخچەیەک نۆتە» (پێشوو: ٢٣٤/٤). لێرەدا «نۆت»ی مۆسیقا کە شتێکی دەرهەستیشە، بە «بوخچە» پێوراوە و زەرافەت و لەتافەتێکی ئەوتۆی بە شیعرەکە داوە. یا هەر وەک «نۆتەکانی گمە» لە دێڕی «من ئێستا پڕ بووم لە کۆتر/ ئەڵێی نۆتەکانی گمەم»دا (بێکەس، ٢٠٠٧: ٢٢٧) کە لە ڕەوتانەیەکی دژئامێزی و هاونشینیی نوێ و پڕخواستندا «نۆت» وەپاڵ «گمە»ی کۆتر دراوە. «گۆرانی»یش کە لە بەستێنی مۆسیقایە، لەگەڵ «داروپەردوو»دا کە سەربە بەستێنی خانوویە بۆتە هاونشین: «ئەوەتا داروپەردووی گۆرانییەکانمان، جەژنەکانمان/ بە ئەنجنەنجنکراوی ڕائەماڵن» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٥٦/٣).

**٢-٣-٨- بەستێنی پەیوەندیدار بە دەرهەست و بەرهەستەوە**

هەر وەک پێشتریش لە چەندین توێژینەوەدا باسکراوە، شێرکۆ بێکەس لە بواری دەستەڵاتی زمانی و دەرگیرکردنی ڕەگەزی دەرهەست و بەرهەستەوە دەستێکی باڵای هەیە (بڕوانە: پشابادی، ١٣٩٥: ٨٤-١٠٩ و هەروەها: پەشابادی، ٢٠٢١: ٢٦٧-٢٨٧). لەم بەستێنەدا، وەک لە چەند نموونەیەکی پێشیشدا دەرکەوت، یەکێ لە لایەنەکانی هونەری دژئامێزی چەمکێکی دەرهەستە. کاتێ دەڵێ: «... ناهێڵێ/ ئازارەکان لە ناو پێخەفی پشوودا بێخەم بنوون» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٤٠/١)، «پشوو» وەکوو چەمکێکی دەرهەست، «پێخەف»ی بۆ خوازراوە. خودی دوو وشەی «پێخەف» و «پشوو» هیچ کامیان لە درێژایی زەمەندا زەقی و هێزی کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان بۆ نەماوەتەوە و لە باری ئافراندنی زمانی شیعرییەوە، سڕوسارد بوونەتەوە؛ کەچی کاتێ لە ڕەوتانەیەکی دژئامێزیدا دەخرێنە پاڵ یەکتر، وەکوو زیندووکردنەوەیەکی دووبارەیە. لەم دێڕەدا هەروەها کرداری «نووستن» وەپاڵ «ئازار» دراوە کە لە جێی خۆیدا هونەرێکی تری لەم چەشنەیە. یا وشەی «گاڵۆن» کە هیچ دەخلێکی بەسەر شیعر و ئەدەبیاتەوە نییە، کاتێ دەکرێتە دەفری «دەنگ»، زەقی و بەرجەستەییەکی دیار وەردەگرێ: «گاڵۆنێ لە دەنگم بشڵەقێ/ ئەم زەریای ویژدانی جیهانەیش/ لەگەڵیا ئەشڵەقێ» (پێشوو: ٥٢٦/٣-٧). ئەم دوو وشەیە کە هیچ پەیوەندییەکی واتایی و بنەماڵەییان پێکەوە نییە، کاتێ دەنیشێنە کەنار یەکتر، پڕبار دەبنەوە و وزەی زمانی و شیعرییەکی زۆر دەتەقێننەوە. شیاوی ئاماژەیە کە «شڵەقیان»یش کە بۆ تەوسیفی دەنگ هاتووە، لە بەستێنێکی خوازراودا دەورێکی واتائافرێنی گێڕاوە.

**٢-٣-٩- بەستێنی شوێن-کات**

شوێن-کات ڕەنگدانەوە و جێگەوپێگەیەکی بەرزی لە شیعری شێرکۆدا هەیە. ئەم دووانیە شیاوی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتن. بەڵام زۆرێک لە دەور و ڕەنگدانەوەکەیان لە بەستێنی دژئامێزییەوە پێکهاتووە. بۆ نموونە دەڵێ: «کە دێم بۆ لات/ سەعات لە دەستی زەماندا/ دەرباز ئەبێ» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٥٤/١) کە لێرەدا «زەمان» و «دەست» وەکوو دوو وشەی سەر بە بنەماڵەگەلێکی جیاواز، بە نیشتنیان لە کەناری یەکدا زەقی دەدەنە زمانی شیعرەکە و هێز و وزە زمانی و دەلالەتییەکەیان پژاندووە. لە دیمەنێکی تردا «زووتێپەڕبوون»ی کات و شوبهاندنی بە گیاندارێکی ڕاکردووەوە کە لەبەر شەکەتی و هەڵەکەتی «کەف» بە لالێویەوە دەڕژێت، وەکوو ئافراندنێکی تری شاعیرانەیە کە بە بیستن و خوێندنی، هەست بە زیندوویێتی و جەوجووڵ دەکەین: «شپرزەیی شەپۆلەکان و وەرینیان لە بەستێندا/ پایزەمیوەی زۆر دوورن و کەفی کاتن» (پێشوو: ٥٥٩/٣). هەر ئەم دیمەنە لە قەبارەیەکی گەورەتردا بە دەرگیرکردنی «سەدەکان» و بەرزبوونەوەی «ناڵە و گرمە»یان شەقڵی تێپەڕبوونی کات پیشان دەدا: «گوێت لە ناڵە و گرمەگرمی سەدەکانە بە یەکدا دێن» (پێشوو ٢٠٠٦: ٥٦٠/٣). دەبینین کە «ناڵە» و «گرمە» لە لایەکەوە سەریان هەڵداوە و هاتوون و لەم بەستێنە نوێیەدا نیشتوونەتە پاڵ «سەدەکان» و بە خوڵقاندنی دژئامێزی ئەو کارتێکەرییەیان پەیدا کردووە.

**۳- ئەنجام**

هونەری هیبریدیزاسیۆن یان لێکئاڵاوی، کە هەندێ جار بە دژئامێزی-ش دانراوە، یەکێک لەو ڕەوتانەیە کە بۆ ژیاندنەوەی وشە بەکار ئەهێنرێ. بە هۆی ئەوەی کە وشە لە درێژایی زەمەندا ئاشنای تاقمێکی دیاریکراوی وشەی تری هاوبنەماڵەی دەبێت، ئاسایی دەبێتەوە و کارتێکەری و وزەی نامێنێ. شاعیر لە ڕێی هونەری هیبریدیزاسیۆنەوە، گیانێکی نوێ دەکاتەوە بەری. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی هونەری دژئامێزی و ئاستەنگەکانی، پەرژاینە سەر شیکردنەوەی ئەم هونەرە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. ئەم شاعیرە بە دەسەڵاتی زمانی خۆی و بە کارتێکراویی سان ژوون پرێس، شاعیری فەرانسەوی، بە پانتاییەکی زۆرەوە ئەم هونەرەی بەکارهێناوە. بەپێی لێکدانەوەی نموونەکانی ئەم بابەتە، دەرکەوت کە شاعیر لە چەند بەستێنی پەیوەندیدار بە مرۆڤ، حاڵەت و کار و پیشەی مرۆڤ، ئایین، کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیان، سروشت، زمان و ئەدەب، مۆسیقا، بەرهەست و دەرهەست و شوێن - کاتەوە، دەستی داوەتە ئافراندنەوەی زمانی شیعری. بەم شێوەیە وشە و زمان و وێنای شیعرەکانی بارگاوی و بەهێزتر کردۆتەوە. هەروەها بە پێی هەژماری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆمان دەرکەوت کە مرۆڤ و شیعر و ئەدەب و سروشت، جێگەوپێگە و گرنگایەتییەکی زۆریان بە لای شاعیرەوە بووە. لە باری زمانیشەوە شاعیر لە چەشنە زمانییە جۆربەجۆرەکان وەکوو ناو، ئاوەڵناو، کردار بە پێکەوەگونجانی ئەم چەشنانە، لە ئاستێکی داهێنانەدا هونەری دژئامێزیی بە کار هێناوە.

## سەرچاوەکان

### کوردی


بێکەس، شێرکۆ. (٢٠٠٦). *دیوان*. شەش بەرگ. کوردستان.

بێکەس، شێرکۆ. (٢٠٠٧). *کتیبی ملوانکە*. چاپی یەکەم. سلێمانی: ڕەنج.

پەشابادی، یەدوڵڵا. (٢٠٢١). «ڕەهەندەکانی کەسایەتیپێدان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا»، *گۆڤاری لێنکۆڵینەوەگەلی مێزۆپۆتامیا*، ساڵی ٦، ژمارەی ٢، لل. ٢٦٧-٢٨٧. DOI: 10.35859/jms.2021.880268

حوسێن، هیمداد. (٢٠١١). *بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر*. کەرکووک: یەکێتیی نووسەرانی کورد.

ڕەئووف، لوقمان و هاشم خدر. (١٣٩٩). «لێکدانەوەی بەستێن لە دەقی شیعریدا: بەراوردی بەرهەمی شێرکۆ بێکەس و ئەحمەد شاملوو بە نموونە». *پژوهشنامە ادبیات کردی*، ساڵی ٦، ژمارەی ١، لل. ٢٢١-٢٤٥.

سەجادی، بەختیار. (٢٠٠٨). *میخاییل باختین سەودای وتووێژ، پێکەنین و ئازادی*. کۆمەڵە وتار. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

--------. (٢٠٢٢). *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (ئینگلیزی-کوردی-فارسی)*. هەولێر: ماڵی وەفایی.

--------، مەحموودی، محەمەد. (٢٠٠٤). *فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی: ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆریی ئەدەبی. بەرگی یەکەم: پیتی (ئ) تا کۆتایی (جیٚ)*. هەولێر: ئاراس.

عەبدوڵڵا، ئیدریس. (٢٠١١). *لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی*. هەولێر: ئاکادیمیای کوردی.

فەقێ سلێمان، هەژار. (٢٠٢٢). *هێماگەری لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا*. نامەی دوکتۆرا. زانکۆی سلێمانی.

قەرەداخی، ڕەشید. (٢٠٠٦). *فەرهەنگی ئازادی (ئینگلیزی-کوردی)*. تاران: ئیحسان.

میرزا، حەمەسدیق. (٢٠١٢). *فەرهەنگی شاخاتوون*. سلێمانی شاخاتوون.


### عەرەبی


باختين، ميخائيل. (١٩٨٧). *الخطاب الروائی*. ترجمة محمد برادة. القاهرة: دارالفكر للدراسات و النشر و التوزيع.

حمداوی، جميل. (٢٠٢٠). *التهجين فی روايات أحمد المخلوفی*. الناظور: دار الريف للطبع و النشر.


### فارسی


پرین، لورنس. (١٣٩٣). *ادبیات: ساختار، آهنگ و معنا*. جلد دوم شعر. برگردان علیرضا فرحبخش و زینب حیدری مقدم. تهران: رهنما.

پشابادی، یدالله. (١٣٩٥). «تخیل خلاقانه و تصویرپردازی مبتنی بر آن در شعر شیرکو بیکس و محمود درویش (با تکیه بر دەربەندی پەپوولە و مدیح الظل العالی)». *پژوهشنامۀ ادبیات کردی*، دورۀ ٢، شمارۀ ٢، پیاپی ٣، آذر ٩٥، صص ٨٣-١٠٩.

تودوروف، تزوتان. (١٣٩٢). *نظریۀ ادبیات: متن‌هایی از فرمالیست‌های روس*. مترجم عاطفه طاهایی. تهران: دات.

دلایی میلان، علی؛ فهری سلیمان. (١٣٩٧). «بررسی بازتاب نمادهای اسطوره‌ای در اشعار احمد شاملو و شیرکو بی‌کس». *پژوهشنامۀ ادبیات کردی*، سال چهارم، شمارۀ ۵، بهار و تابستان، صص ٢۴٧-٢٧۵.

سجودی، فروزان. (١٣٧٨). «درآمدی بر نشانه‌شناسی در شعر فارسی». *مجلۀ فرهنگ و توسعه*. شمارۀ ٣٩-۴١، صص ١٣۵-١۴٠.

شفیعی‌کدکنی، محمدرضا. (١٣٨۶). *موسیقی شعر*. تهران: آگاه، چاپ دهم.

------. (۱۳۹۱). *رستاخیز کلمات*. تهران: سخن، چاپ دوم.

**------.** (۱۳۹٤). *با چراغ و آینه (در جستجوی ریشه‌ها تحول شعر معاصر ایران)*. تهران: سخن، چاپ پنجم.

صفوی، کورش. (۱۳۹۰). *از زبان‌شناسی به ادبیات*. دو جلد. تهران: سورهٔ مهر، چاپ سوم.

--------. (۱۳۹۸). *آشنایی با نظریه‌های نقد ادبی*. تهران: نشر علمی.

طاهری، فائزه و فرهاد طهماسبی. (۱۳۹۶). «بررسی تطبیقی اشعار سهراب سپهری و سن ژون پرس با نگاهی به عرفان شرق‌دور». *نشریهٔ ادبیات تطبیقی دانشگاه شهید باهنر کرمان*، سال ۹، شمارهٔ ۱۶، بهار و تابستان، صص ۸۷-۱۰۰.

فینک، بروس. (۱۳۹۹). *سوژهٔ لاکانی بین زبان و ژوئیسانس*. ترجمهٔ محمدعلی جعفری. تهران: ققنوس، چاپ سوم.

قاسمی‌پور، قدرت. (۱۳۸۸). «نقیضه در گسترهٔ نظریه‌های ادبی معاصر». *فصلنامهٔ نقد ادبی*. دورهٔ ۲، شمارهٔ ۶، صص ۱۲۷-۱۴۷.

قاسمی‌فرد، هدیه و ناصر زارع. (۱۴۰۰). «واکاوی هنرسازهٔ فاوامیزی در اشعار احمد شاملو و آدونیس». *نشریهٔ ادبیات تطبیقی*، سال سیزدهم، شمارهٔ بیست و چهارم، بهار و تابستان، صص ۱۶۹-۱۹۵.

کلیگز، مری. (۱۳۹۴). *درسنامهٔ نظریهٔ ادبی*. ترجمهٔ جلال سخنور و همکاران. تهران: اختران، چاپ دوم.

**ئینگلیزی**

Al Araqi, Rashad. (2017). "Hybrid/Hybridization from Postcolonial & Islamic Perspectives". *Research Journal of English Language and Literature (RJELAL)*. Vol. 5. No. 1. Jan-Mar. pp. 53-61.

Grishakova, Marina. (2013). "Complexity, Hybridity, and Comparative Literature". *CLCWeb: Comparative Literature and Culture*. 15.7 (DOI: https://doi.org/10.7771/1481-4374.2379)

Mourao, Jose Augusto. (2006). "Hybridization and Literature". *KODOKAS/CODE, Ars Semeiotica*, V. 29, No. 4, pp. 311-319.

Tindol, Robert. (2016). "Hybridization in Samuel Taylor Coleridge's "Kubla Khan". *Comparative Literature: East & West*, 25:1, 10-29, DOI: 10.1080/25723618.2016.12015412.